# ئەدی من نات هێنم هەی حەیاتم. بۆ ئەو کچانەی بە دوو قسەی قۆری موراهیقێک دەکەونە تەڵەو دوایش وێنەکانیان دەکەوێتە سەر مۆبایلی گشت خەلکی شار. رزگار کۆچەر..

لەگەل پێش وەجونی جیهان و گۆرانکاریە خێراو یەك لە دوای یەکەکان کوردستانیش کەم تا زۆر جۆرێك لە پێشوە جونی بەرکەوت لە گەیشتنی هەندێك لەو ئامێرە تازەو گرینگانەی کەوا ئیمرۆ مرۆڤایەتی بەگشتی پێویستی پێیەتی......

کاتێك گراهەم بێل تەلە فۆنی دەروست کرد لە روانگەی خۆی ویستی خزمەتێك بە مرۆڤایەتی بکات وئەو دەی ویست ئەو ئامێرە گرینگە رێگاکان کورت بکاتەوە و پێداویستیەکانی مرۆڤ و لە ژیانی رۆژانەی وەك ئامیرێکی گرینگ بەکار بهێنێت.

لەکاتی رژێم تەلیفۆن لە هەمو مالێکی کورد نەبوو بەلام دەسەلاتی ئەو کاتەی بەعس هەموو تۆرە بەیەك بەسترووەکانی شاری خستبوە ژێر چاودێری خۆی و ئاگاداری تەواوی چرپەو جولەی هەموو ئەو مالانە بوو کەوا تەلە فۆنیان بۆ دەکرا یان تەلە فۆنیان دەکرد.

لە دوای راپەرین و زۆربەی زۆری شارەکانی کوردستان هێلی تەلەفۆنی بۆ گەیشت و بە رێژەیەکی جاك هاولاتیان سودیان لەم ئامێرە گرینگە دیت سەرەرای کەم وکورتیەکانیش لە بەرمبەر ئەمەش کوردستان کەوتە نێو رەوتی بە جیهانی بون ومۆبایلیش لەم سالانی دوای وەك مۆدەیەکی نۆی کەوتە بەردەستی هاولاتیان..

نەبونی کی برکی جاك بۆ دابین کردنی خزمەت گوزاریە گرینگەکانی ئەم ئامیرە گرینگە وای لە زۆر لە هاولاتیان کردبوو زۆر جار نارەزای دەربرن بەلام وەك باسمان کرد پیداویستیەکە زۆر جار وای دەکرد مرۆڤ بی دەنگی بێت بەرمبەر لەدەرەوە بازنە بون.

دیارە ئەوی مەبەستمە بلێم کەوا تا ئیستاش مۆبایل ئەوەندەی زەرورە ئەوندەش قیزەوەنە جاری باس لە ناو نانی ئامیرەکان ناکەم کە سوکایەتیکی تەواو بە کەسایەتیەکان دەکات بێجگە لە خرپ بەکار هینانی بۆ هەندی کاری بەد رەوشتی کە ئیمرۆ بۆتە رەوشتێکی دیار کە هەندی لە کەسی نەخۆش چێژ ی لە وەردەگرن..

مرۆڤێك کە ئیدعای خۆشەویستی وپەیمان بەستن و وەفاو دوا رۆژ دەکات لە جرکەیەك تەسمیلیی حەزە شێتەکانی دەبێت و گەمە بە موقەدەساتی کەسێکی تر دەکات کە تەنها بیر لەو قسە خۆشانە دەکاتەوە کە ئەو کات گۆیی لێدەبیت مرۆڤێك کە هیچ باگراوندیکی نیە لەسەر پاکی عیشق و پەیمان بەستن لە چرکەیەك دەبێتە دیوزمەیەك تەنها حەزە بەنگ خواردوەکانی ناو ناخی وەك بورکان دەتەقێت و ئاژەل ئاسا بیر دەکاتەوە.

مرۆڤێك کە بەرائەتی خۆی بەرامبەر خۆشەویستەکەی نیشان دەداو بە هەمو کبریائی دەیەوت بلێت باور دەکەیت وینەکانت بلاو کەمەوە ئەی من نات هێنم دەیەوێت گورك ئاسا قەمالی غەدرو ناپاکی بهاویتە جەستەی کەسێك کە تا دوا چرکەی تەسمیل بونیشی بە درۆ شاخ دارەکانی خۆشەویستە ماسك لەسەرکە هەلخەلەتاوە.

ئەتك کردنی خەونی کجێك کە درۆو خیانتەی رۆژگار پالی پیوە دەنێت بە راهایی سیقە لەسەر گەنجێك بکات دەگەرێتەوە بۆ ئەو باگروندە باوك سالاریەی میلەتەکەمان کە ئافرەت زۆر جار تەنها وەك کالایەکی هەرزان سەیر دەکرێت.

ئیمرۆ کچانی شار کەوتنەتە گومان و بەرێژەیەکی بەرجاو بەترسەو هاورێیتی گەنجان دەکەن لێرەش دەبێت رۆلی دەزگاکانی وزارەتی ناوخۆ بەشێوەیەکی جاك تر بێتە کار بۆ ئەوەی ئەو دیاردە ناشیرنەی کە ئیمرۆ خالکانیك لە رێگای مۆبایل ئەنجامی دەدەن بن بربکرێت و هەموو ئەو کۆگاو ئەو کەسانە بکەونە ژیر چاودێری ورد تا کچانی کورد لە رێگای بلۆتوزی مۆبایلی کورە نەخۆش و کورە شازەکان نەبنە وەرەقەی کۆن کان..